# وەرزی نوێ

**(دیارییە بۆ هێمنی برازام)**

لەسەرزگی گڵ
تلا بەردی کژوکۆ
بۆداوێنی چیا

داچڵەکی دڵی دار
کەوتە رەمە سەماپرچی
بە دەم بای وادەوە

ڕزگاربوو
لە ژێرپەردەی خاک
بەفرینە گوڵ
گەشە دەکا
بە کەشم ونەشمەوە

تۆقی دڵی کانیاو
لەبەرتینی هەتاو
ژیاوە لەڕەگی کۆن گوڵ وگیا
گەزیزەش بە پۆل سەریان هەڵدا

ڕازاوەتەوە
بە بەرگی ئاڵ و واڵەوە
دەشت ودیمەن
باخ وچیمەن
گوڵباخیش دەشنێ
بۆبزەی سوورە هەتاو

سپی بەفریمە گوڵ،
ئەرخەوان گەزیزە، و
گەشە گەڵباخی
گرتوویانە بەڕیز لەسەرکانی
لەگەڵ لالەبەدەستان کۆڕی شایی

ڕۆیی ڕەشەمە و

وه یشوومه نەما
له هەڵاته نەهاتی
بەغار ڕادەکەن لەبەر نوێ زایی

یەک دڵ وبه گەل
پێیانه گوڵاڵه
بۆکۆڵنەدەر
مەشغەڵ و مزگێنی

وا،بەڕێوەیه سپای نوێخواز
کەژ دەگۆڕن
ئەستێرەی فەزا وگۆی زەوی

لەگۆڕانه
ڕەوتی شەمەندەفەرله سەر ڕێڵ
مەلەی گەمی له دەریا
فڕینی فڕۆکەش له ئاسمان

پیرۆزبێ
ڕۆژی نوێ و
گەردن ئازادی.

ڕەحمان سۆفی - سوئێد